# هایکۆ

# قارەمان لەشکر

چاپی یەکەم
٢٠١٩

ناوی کتێب: هایکۆ.

شاعیر: قارەمان لەشکر.

بابەت: شیعر.

هەڵەچنی: مامۆستا (عبدالرزاق بیمار).

بەرگ: ئەنجام ئەنوەر.

چاپخانە: هێڤی- هەولێر.

چاپ: یەکەم (٢٠١٩).

تیراژ: (١٠٠٠).

نرخ: (٣٠٠٠).

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی (      )

ساڵی (٢٠١٩) پێدراوە.

پێشکەشە بە:

دایك و خوشك و هاوسەر و منداڵەکانم.

رۆحی پاکی مامۆستا(جەواد حەمەد بەگ).

ئەندامانی بنکەی روناکبیری گەلاوێژ لقی کۆیە

هەمووئەوهاوڕێیانەی فەیس بوك کەبە

کۆمێنت و لایکەکانیان خوێنەری شیعرەکانم بون

هەموو ئەو شاعیر و ئەدیبانەی وشەیەکیان لێ فێربووم.

ڕێز و خۆشەویستیم بۆ:

مامۆستا(عبدولرەزاق بیمار)

مامۆستا (رەمەزان حەمەدەمین)

مامۆستا (دەرباز کەیفی)

## پێشەکی:

کۆمەڵە شیعری "قارەمان لەشکری" هاوڕێ لەگەڵ شاعیرانی نوێخواز لە ڕاڕەوی دنیــای شــیعریی کوردیــدا بە هەوڵــی هونەرنوانــدن هەنگــاو هەڵــدەهێنێ و هەتــا بتــوانێ بەرگــی کــۆن و خواســتەمەینی دیــوانی ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی ناپۆشێ..

سەربەرزانە لەگەڵ کاروانی شیعری تازەی کوردیدا ڕێــی هەورازونشــێوی شــیعردەبڕێ و دەســت بەســتراوی یاســای عەروزوقافیــە ســازی نییــە ، ئازادانە سەیری خەرمانی شیعری تازەی جیهانی دەکـات ولەگـەڵ گوڵـە گەنمەجوانەکانی دا هەوڵدەدا گوڵەگەنمی کوردایەتی پێشکەش بکات .

بەنمونە ، کۆمەڵێک شیعری (هایکۆ)ی نوسـیوە،هەرچەندە ئـەم جـۆرە هونەرە ژاپۆنییە هاتوەتە ناوشیعری کوردییــەوە ، بەرلــەویش (قوبــادی جــــەلیزادە) ســــاڵی ٢٠١٧ ز دیوانــــە شــــیعرێکی لەسەرشــــێوازی هایکۆبڵاوکردۆتەوە تابلێی هونەری تێدانواندوە . قارەمـانیش لـەکاروانی شیعری هـایکۆدا دوانەکـەوتووە و گـەلێک گوڵـوکی جـوانی لـێ بەرهـەم هێناوە .

کەهایکۆی ژاپۆنی بریتیە لە پارچەشیعرێکی سێ دێڕی ، کێشـی دێـڕی یەکەم و سێ یەم پێنج بڕگەیە و دێڕی ناوەند (٧) بڕگەیە ...

بەچەنـد وشـەیەکی کـەم و ئامـانج بـەخش مانایـەکی شـیعریی جـوان بەدەسـتەوە دەدەن .. بـێ زۆرلـەخۆکردن و گـەڕان بەناوبەسـتێنەکانی ڕەوانبێژی (بەلاغەت)و وشەگەلی خوازراوەی زمانـان لەچـەن وشـەیەکی کەمدا تام و بۆن و ڕەنگ و ڕووی شیعر بەخوێنەردەگات.

لەوەرگێڕانی هایکۆژاپۆنییـەکان بۆزمانـانی دی ــ زەحمەتـە ئـەم کێشـە بڕگەییەکـەی (٥+ ٧ + ٥) بەدەســت بهێنــرێ ، تــەنیا ئەوەیــە هــەوڵ

دەدرێ بەکەمترین وشە سێ دێڕەکە پڕبکرێتەوە .. بەڵام (قارەمان) لەشیعری خۆیدا ئەم سیستەمە ژاپۆنیەی بەپێی تواناپەیڕەوکردووە .

قارەمان لەدنیای سروشت و وەرزەکانی وگول و پەپوولەو ڕەزوباغ دا کۆمەڵێک هایکۆی نوێی پێشکەش کردووە ، لەگەڵ ئەوەشدا لە گەلێک هایکۆ سیاسەت و سۆفیگەری و عیشق و داخ و دەردی کوردایەتیشی جێ کردوەتەوە .

بێ گومان هایکۆیەکی واکورتی چەند وشەیی دورنییە جێی بیروبۆچون و هەڵسوکەوتی سیاسی تێدا ببێتەوە .

وەکودەڵێی بۆئەوە دروست نەکراوە . بەڵام لەم کۆمەڵەیەدا گەلێک گوڵە هایکۆی ناسکم دیت کەنووکە دڕکی ڕاستەقینەی ژیانی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە وەکو دەڵێ :-

لەپایزگەڕێ

سالأنێکە گوڵ ناگرێ

بەهاری عەرەب

بەڵێ بە ناوی بەهاری عەرەبی لە وڵاتانی عەرەبی دا لەژێر ناونیشانی شۆڕشدا چەندین هەراو خۆپیشاندانی سەرەڕۆیانەی ئەنجام نادیار و هەندێک بزوتنەوەی کۆنە پەرستی جێ خۆیان کردەوە و هاتنە مەیدان، لە دوایدا گەلانی عەرەب کەوتنە خۆ بۆ دەرباز بوون لەو بێ بەر و گوڵە .

بەشە شعرێکی دیکەی ئەم دیوانە جگە لە هایکۆکان بریتیە لە ( (چوارین)) کە لەسەر شێوەی ( (رباعیات))و بەناونیشانی (بەهار) نوسراون..ناوەڕۆکەکەیان لەدەوری عیشق و جوانی و دڵداری سۆفیانە

دەخولێتەوە و وشە گەلی زاراوەی تایبەت بەوجۆرە شعرە بەکار هاتووە وەکو:

(باغی ڕەزوان ـ تەناسوخی ڕوح ـ لەوحی مەحفوز ـ ئاوی بەقا ـ عەدەم ـ تارومەی )وهتد .

لەچوارینێکدا دەڵێ :

عەتای واعیزی حوسنت قوربان لازمە
بم حوبێنە ، حوبت بۆمن حەمیمە
تۆکەشاهی دوڵبەرانی کەرەم کە
بەماچێکت شوکرو موستەغنیمە

هەروەها دەڵێ :

ویستی تۆبوو
ئەی پادشای عەشق
ئەی کەمالی جوانی
من لەحەلاج گوناح ترم

لەپارچە شیعرێکی ژمارە (٥) ی زریان دا شاعیر بیرلە بوون و مرۆڤایەتی و زەوی و کەون دەکاتەوە .. لەئەنجامی تێڕامان وبەراوردێکی زۆر دێتە سەرئەو باوەڕەی کەبڵێ :

خودایە ئەم بەستەڵەکەی نێوانمان
کەی دەتوێتەوە ؟
بێزاربووم لە (مرۆڤ ـ بوون)
لەم زەلکاوی مرۆڤ بوونە قەتیس ماوم

من نامەوێ شاعیر لەبەرخەم و پەژارەو ناهەمواریی باری ژیان گۆشەگیر لێی دابنیشێ و ڕەشبینانە بیربکاتەوە ، نامەوێ شاعیری بەهاری گوڵ

و دڵ بەم جۆرە نائومێدانە لەچارەنوسی خۆی و مرۆڤایەتی بڕوانێ .. بەڵام کێشەی شاعیرهەروەکو لەپارچەی (١٥)ی شیعری (زریان ) دا دەردەکەوێ کێشەیەکی فەلسەفی یە لەگەڵ کات .. (زەمەن) کەزۆرلەبیرمەندان لەم کێشە دواون .

لەشیعری (سەفەر)دا ڕەنگە ئەورەشبینی یە نەمێنێ ، بەڵک و لەگەڵ یاردا دەکەوێتە گفتووگۆ لەسەر سەفەرکردنی (یار) کەسەفەرکردنی یار ئەنجامی زۆرخراپی لێ پەیدا دەبێت .. (داماڵینی جوانیە لەبەهار ـ داڕماتنی خۆرە لەپرشنگ ـ دابڕانی گوڵە لەشیلەی هەنگ ) لەگەڵ بیرو ڕای فەلسەفەی بوونگەرایی چەندین کۆپلە شیعری تۆمارکردووە کەئەنجامی لێکدانەوەو بیرکردنەوەیە لەژین ولە بوونی مرۆڤ .. هەندێک جاربەتوڕەییەوە دەڵێ :

(چی لەپەڕەی ڕەشی مرۆڤبوون بکەم ؟ تازە بەمن سپی نابێتەوە)ولای وایە ئەو کەونە بەئەو نامۆیە .

لەگەڵ ئەورەشبینیەی لەئەنجامی بیرکردنەوەو ڕامان دەری بڕیوە ، لەبارەی ژیانی خۆی و میللەتەکەی ، بەڵام لەشیعری ( زریان ) دا دەڵێ :

میللەتێکین

لەوەتی هەین

پشکۆی ئاگردانین

لەبۆشۆرش سوتەمەنین

لەگەڵ ئەوەشدا بەئاوات نەگەیشتوین ... باروگوزەرانی مێژویی میللەتەکەمان کەوتوەتە بەر هەڕەشەی زۆرداری و دوژمنکارانی بیانی ـ هەربۆیە لەشیعری (تاڤگە)دا دەڵێ :

لەوەتی مێژوو هەیە

بەرهەمی ئەم خاکە مەرگە

کەچی نەبارانێکی رەحمەت

نەتۆفانێکی غەزەب هەستا

وەنەبێ ئەم ڕادەربڕین و بیرکردنەوە جۆراوجۆرانە هەمووی بەرەشبینی دابنرێ ، شاعیرلەوە ئازادە رامان و تێروانینی خۆی لەتۆماری فەلسەفەدا دەست بخات و لەبۆتەی شیعردا پێشکەشی بکات . ئەمەش تۆژینەوەیەکی زۆر و بەپشوی دەوێ کە زۆرجار ڕەنگە لەقالبی شیعرەکەدا دەرمان بکات ـ کەمن هیوادارم هەردوو لای تەرازووی ئەنجامەکانی بیرو فەلسەفە لەگەڵ دەست ڕەنگینی شیعردا هاوتا بوەستن .

عبدالرزاق بیمار

کۆیە

٢١ -١٢ - ٢٠١٨

## هایکۆ

١

خۆری لەباوەش

جەستەی شەلالی ئارەق

کانیەکی سازگار

٢

کەلەمانای باران گەیشت

سینگی خۆی واڵاکرد

خاکێکی سوتماک

٣

هەور بەخوڕ گریا

بەقەد توکی سەر وەری

لێشاوی تووان

٤

خۆرگزنگی دا

لەخەوی ئازادی بوو

بولبولی قەفەس

٥

به بێ هوودە بوو

نەگەییە دوامەنزڵ

خەیاڵی مرۆڤ

٦

کەرۆژدەرکەوت

بەهێمنی کۆچی کرد

مانگی یەک شەوە

٧

بێستانەکە تازیە باربوو

کاتێ کوریکەی دەرکرد

بڕکە شەمامەیەک

٨

لەزەتمان لێ کرد

نەرم و شل ڕاکشابوو

سەوزە گیای بەهار

٩

ویستم بمێنێ

ڕەش و سپی لێکی کردین

بۆنی منداڵی

١٠

دوور لەعەولەمە

ماڵێکی ئارام لەپوش و گڵ

پەرەسێلکە

١١

نەمەرگ زەفەر

نەمرۆڤ پەی پێ دەبا

دەردی هەژاری

١٢

بناری کێوت

چەندە ئارامی بەخشە

ئەی کوردەواری

١٣

فەلسەفەیەک بوو

کەچی لەخاچ دراوە

مرۆڤایەتی

١٤

ناڵەی دوری یار

سەمفۆنیای پڕلەجوانی

ئاوازی بولبول

١٥

چ دەریایەک بوو

لەدوڕو گەوهەری حیکمەت

شیعری کلاسیک

١٦

بەنەرمی گریا

لەنازی قەیرە دەچوو

پاییزی ئەم ساڵ

١٧

لەتاڤگە دەچوو

باڵای چیای داپۆشی بێ

پرچی ئاوریشمینت

١٨

دەستیشم پێی ڕابگا

لەداری ناکەمەوە

هەناری سینەت

١٩

شل شل باڵات کرد

ئەگریجەت پەرش و بڵاوە

شۆڕەبی نەمام

٢٠

بێ ئاگا ڕۆیی

لەمەرگی گەڵا دەچوو

وەرزی منداڵیمان

٢١

زەوی داپۆشی

بەمەرگی ئازیزانی

دارستانی وەریو

٢٢

شەونیە تۆنەبینم

لەسەرینی جێ ژوانا

خەونی کابوسی

٢٣

ئاوێنەیەک بوو

پڕپڕ لە تراژیدیا

چاوی قەرەجێک

٢٤

گۆشت خۆراک نەبا

سروشت ئیرەیی دەبرد

ئاسکێکی کێوی

٢٥

بۆیە شەو ڕونە

گوڵ ئەستێرەی گرتوە

باغی سینەی یار

٢٦

کە گەشایەوە

مانگ تریفەی لەدەست دا

خونچەی لێوەکان

٢٧

هەتاو وەریوە

یا ڕێگای کاکێشانە

نیگای سیحراویت

٢٨

ئەو ڕەزەوان بوو

خەونیشی هەر ڕەزوان بوو

بیابانی عەر عەر

٢٩

بەفرێکی ئەستوور

کەش ناسەکان بێ ئاگا

پۆلێ ڕیشۆڵە

٣٠

مانگ چۆن دەگیرێ

بەباوەش پڕشنگ بڕژێ

لەکوڵمەی یارم

٣١

مانگ نەگیراوە

کوڵمەی یارم بوو کەوا

پەرچەمی پۆشی

٣٢

سەرلێ شێواوە

بۆ زەلکاو دەقیرپێنێ

هەرزە سیاسی

٣٣

وابۆگەن بووە

گۆمی پڕ لەئارەزوی

ئەقلێکی دۆگما

٣٤

ڕەشە بایەک بوو

لەبەهاری تەمەن ما

پاییزە برا

٣٥

گەرعەشق نەبا

لەخەزانا دەمردن

پۆلی بولبولان

٣٦

لەگەرمای هاوین

قەلاچۆ ناکرێ بەمن

ژەهری ڕەفیقان

٣٧

فرمێسکی عاشق

لەگەڵای پایز دەچێ

کاتی دابڕان

٣٨

باران عاشقە

فرمێسک دەبارێنێ

وەرزی پاییزان

٣٩

گەوارە هەورە

یاسەما دەکاباران

بۆگوڵی بەهار

٤٠

ترسی گەرمی رۆژ

نەزمی کەوکەبی گۆڕی

مەداری یاربوون

٤١

لێمان ون بووە

بۆیەسەرگەردانەدڵ

مانگ لەتاریکی

٤٢

لەچاوەڕوانی

نەزیفی عەشق بووە

پاییزی دوریت

٤٣

هەڵپروکاوە

لەوشکەساڵی دەچێ

وەرزی دوریمان

٤٤

لەبەهەشت دەچوو

بەبێ حەشر پێی شادبووم

یەکەم دیدەنیت

٤٥

نەیشاردۆتەوە

کراسی گوڵ گوڵینت

خونچەی لێوەکەت

٤٦

وەک نەرمە گیابوو

هەموو وەرزێکی بەهار

پرچی ئاوریشمت

٤٧

پرسیاری ناوێ

لەئەشعاری شێتانەم

خوماری چاوتە

٤٨

باشەو نوتەک بێ

یەڵدایە چاوەڕوانیم

خوماری چاوت

٤٩

مانگ نانوێ شەوێ

وێڵە بۆتریفەیەک

لەکوڵمی ئاڵت

٥٠

گەنم کەروێشکەو

با سەمای بالێی دەکرد

بەزوڕنای برسی

٥١

جەژن تەواوبو

بێ نوقلانەوشیرینی

شەربەتی لێوت

٥٢

بەری خۆریان گرت

داڵەکان ئەنفالیانکرد

ئاسکەکانی کورد

٥٣

تەم ڕێگام نادا

چاوەکانمی پێ بشۆم

تریفەی مانگ ڕژا

٥٤

ژورەکەم پڕ پڕ

لەئاوازی بێدەنگی و

سەمای دوکەڵ بوو

٥٥

کەهاتی بۆلام

نەڵێی لەیادم چووە

دو دانە بوخورد

٥٦

کەئێوارەدێ

بیرم دوور دوور دەڕوانێ

میحرابی عەشق

٥٧

ناپرسی من چیم

بەردێکی خلۆر بووەم

هەڵکشانی تەمەن

٥٨

ڤالانتایینە

لەجیاتی گوڵ دیاری من

فرمێسکی چاومە

٥٩

پایز تۆراندی و

باش فێرە سەمای دەکرد

گەڵایەکی وشک

٦٠

لەشەوی زستان

بێ هۆ غەریبی دەکەین

ماڵە دراوسێ

٦١

ئێوارەی پایز

ڕوی مانگ شەرمی لێ دەتکا

درەختێکی ڕووت

٦٢

ئێوارەی هاوین

خۆیان لەمانگ ون دەکرد

قاچاغچی کۆڵبەر

٦٣

لەگوڵزار دەچوو

بۆن لە وشەی دەباری

مەستێکی عاشق

٦٤

عاشقی مانگە

شەو کە لێی دادەبڕێ

ڕەش هەڵدەگەڕێ

٦٥

ئاسمان لێی بێ دەنگ
بۆقەکان دەقیرپێنن
وەختی گاقۆڕان

٦٦

خەونێکی گەورەو
لەهەوڵی بێ هودەدا
جێماوێکی کات

٦٧

گوێچکەمان دەسمێ
ئاوازێک بەبێ دەنگی
شنەی بەیانی

٦٨

خاک هەڵپڕوکا
دارو درەخت کۆچیان کرد
ئاسمان نەگریا

٦٩

تەوژمی دەریا

چۆنی دەوێ با بڕوا

ماڵم بیابانە

٧٠

رۆژ بێ خەتایە

ئەستێرەکان شەڕیانە

خەیاڵی زانست

٧١

تەم دێتو دەڕوا

کەچی ئەو رۆژ نابینێ

شەم شەمە کوێرە

٧٢

شەپۆلی دەریاو

نەورەسێکی باڵ شەکەت

ڕێگای هەندەران

٧٣

لەپایزگەڕێ

سالآنێکە گوڵ ناگرێ

بەهاری عەرەب

٧٤

سالآنی تەمەن

وەک مۆمی رەنگاو رەنگە

بەفوێ کوژاوە

٧٥

عەیامێک دەبێ

ساڵ وەرزێکی ونکردوە

بەهارەکەی من

٧٦

رۆژ جوانیەکەی

لەناو ئاو حەشارداوە

پەلکە زێڕینە

٧٧

ڕوحمان وێرانە

ئاوازی مەرگ بژەنە

ئەی کوندە بەپۆ

٧٨

کوا وەرزی ساڵە

گەڵای ڕۆح هەڵبوەرێ

مەرگی (ئاگری داخ)

٧٩

فەرشی ڕەنگاوڕەنگ

دەستکردی نادیارە

فەسڵی بەهاران

٨٠

خوڕەی بارانە

یافوارەی دڵی من

دوو چاوی کانیم

٨١

شەقامێکی چۆل

خۆریش نایدۆزێتەوە

دڵەی ڕەنجاوم

٨٢

نمەی بارانەو

ماڵێک پڕلەجریوە

سواندەی خانوێک

٨٣

کەبای باشور دێ

بۆنی مەرگی لێ دەکەم

عومەری خاوەر

٨٤

دونیای وێرانکرد

لەسەروی وەنەوشەیە

تەلیسمی نیگات

٨٥

خونچەی کام وەرزە

ساڵی پڕ بەهارکردوە

نەمامی باڵات

٨٦

بەبێ ناز دەڕوێ

بۆنی غەریبی گرتوە

گوڵە کێویلکە

٨٧

گلەیی دەکا

چاوەکانم نابینێ

کانیەکی وشک بوو

٨٨

بەندی کردومەو

دەڵێ دیدەنیم ناکەی

سەیری دڵت کە

٨٩

جیهان تاریک بووە

ڕۆژ ڕۆشنایی نەماوە

چاوت دامەخە

٩٠

دەریا وەستاوە

لەجوانی تۆ ڕاماوە

مانگی چواردە شەو

٩١

دووری نێوانمان

هەرچەندبێ باکم نییە

تۆلەناو دڵمی

٩٢

لەقوڵایی شەو

باپەنجەرەی لێ گرتوم

خەیاڵم پەرت بوو

٩٣

ترسی ڕۆژ نەبا

مانگی لەئامێزدەگرت

دەریای هاروهاج

٩٤

ڕێی هەندەرانە

بەجەندرمە تەنراوە

باغی سینەی یار

٩٥

زستانێکی تووش

خۆری لەباوەش گرتبوو

ماڵە هەژارێک

٩٦

دوکەڵی وەک تەم

ڕۆژی لەخاک دابڕی

بۆنسۆی هەناسەم

٩٧

واتێک ئاڵاون

جەستەیان نوقمی ئارەق

زستان و باران

٩٨

داری تابووتە

یاتەختی شاهانەیە

مەرگی درەختێ

٩٩

شەوەوبارانە

خەونی منداڵی هەژار

چەتری ڕەنگاوڕەنگ

١٠٠

لەچوار پیت چنیم

دەیان لەتابلۆی شیعرم

چیرۆکی (عەشق)ت

١٠١

خیانەتی دارە

یا پایز تاوانبارە

مەرگی گەڵایەک

١٠٢

مەرگی ئەبەدە

یادۆنادۆنی ڕۆحە

وەرینی گەڵا

١٠٣

دەتکا لەگۆنای

بۆنی گوڵاوی عەشق

سێوی مێخەک بەند

١٠٤

مرۆڤ خودایی

کەس پێی ناگا تائەبەد

مەنسوری حەلاج

١٠٥

شەبەنگی خۆربوو

یاخەیاڵی عاشقانەم

شوعلەی چاوەکەت

١٠٦

هەمو عاشقت بوون

تەنهاشەونامرادە

لەبینینی ڕووت

١٠٧

شەوێکی نوتەک

یەڵدایەکی تەمگرتوو

عەشقت ڕۆشنایی

١٠٨

بۆیە تامەزرۆم

لەچاوەکانت دەچێ

بەهاری ئەم ساڵ

# بەهار

١

بە هار

چی دەبوولێم تێبگەی بیزانی

لەیەئسام نەمماوەئارامی

گەرتۆش هێندە میهربانی

بۆچی بمرم لە چاوەڕوانی

٢

بەهار

چاوەڕوانیش مردنەبەهێواشی

مەرگیش کواهیندەی ژیان بەئازاربی

بەڵام کوا جەسارەت دەکەم بمرم

کە ناوی تۆم لەناو دڵم دانابی

٣

بەهار

دڵم گەرناوی تۆتەفسیربکا

تۆبە روحم ئاشنا بکا

مەرگ چۆن جەسارەت دەکا

تۆلە من من لەتۆ بکا

٤

بەهار

من کەوا لەتۆخۆم ونکردوە

قژم گەڵا ئاساپەرش بووە

نەمزانی من تۆم یا تۆ منی

کەدیم پەنجەم گوڵی گرتوە

٥

بەهار

گوڵت وا گەشاوە تر دەبێ

گومان لە بوژانەوەت ناکرێ

نەک تەنها ساڵێ وەرزێ

گەرهەرچوار وەرزیش پایزبێ

٦

بەهار

پایزبەهەموو خەزانیەوە

گەڵات هەڵوەرێنێ تاچڵەپۆپە

خاکی ژێرپێت وشک ناکا

تابرژێ ئاوی چاوم وەک دڵۆپە

٧

بەهار

دڵۆپەی فرمێسکەکانی چاوت ببینە

کەی ئەمە ئاوی چاوی گەش و ڕوونە

خوناوی دڵی منە لەچاوی تۆ

بۆیە کوڵمەکانت واسوروو ڕەنگینە

٨

بەهار

ڕەنگینی گوڵ و گوڵزاری تۆ

هاوتای ناڵە و داد و فیغانمە

کانی ئاودەرناکابێ ناڵەی هەور

ناڵەی منیش تەقینی کانی چاومە

٩

بەهار

چاوم دەڵێی سیحری لێکراوە

تەنها لەیەک وێنە ڕاماوە

نازانم باخچە ی هەڵواسراوە

یا قوبەی سینەتە منی گرداوە

١٠

بەهار

گرِدراوی چ ئەوینێکی شێتانەم نازانم

چیەئەم هێزە منی واپەلکێشی لای تۆکردوە

دەزانم بەرەنگاری من بۆتۆ تۆبۆمن بێهودەیە

دەڵێن ئەزەل چارەنوسمانی وا دیاریکردوە

١١

بەهار

دیاریکردنی چارەنوسمان زۆر ئەستەمە

ئەستەمتر لەوە ساتەکانی ئەوینە

لە نازی تۆو زیکری خۆم سەرم سورماوە

بۆچی وەرزی ئەوینمان هێندەحەزینە

١٢

بەهار

حەزینی من بۆ مەرگی گوڵێکی ڕەش بوو

پرِشنگی زیوینی هەزارو یەک رەنگ بوو

بێ ئەوگوڵە وەرزی شارێک خەزان بوو

کەرۆیشت گوڵزاری ئەدەب بێ فەرهەنگ بوو

١٣

بەهار

فەرهەنگی کۆیە تاکە گوڵ نەبوو

مێژوی ئەدەبمان پڕگوڵەجاربوو

پیاوی وەرزەکان خۆی هەمەکاربوو

پەلکە زێڕینەی ئاسمانی شاربوو

١٤

بەهار

شارئەم شەو خامۆش ،خامۆش و داماوە

کوابۆنی گوڵ و خونچەی جارانی بۆنەماوە

نازانم مەراقی منە یان غەزەبی تۆ

ئاسمان شێواوە هێمنی لەدەست داوە

١٥

بەهار

لەدەستم داوەهەموو شتێ کەی ئەمەژیانە

لەبۆعەشقت لەدایک بوم کەچی بۆخۆشم تاوانە

باغی سینەت چ حەسرەتێکە بۆمنی پەرێشان حال

چی دەبێ گەرساتێک ئارام بێ رۆحم لەم گولستانە

١٦

بەهار

گوڵستانی سینەت بۆمن عەینەن بەهەشتی فیردەوسە

خۆت دەتزانی عیشقی زین بۆمەم پاکەودورلەهەوەسە

ئیترچی دەبوو لەم باغی سینەت بۆساتیکیش با میوانی

تەمەن ڕۆیی ماندوم کات نەماوە ئیترچاوەڕوانیش بەسە

١٧

بەهار

بەسەخەزانی تەمەنمان لەم شارەنەکا دەنگ هەڵبرم

بێنەدەستت بابڕۆین چیتر بەرگەی دوریت ناگرم

من تادێ ئەوینم بۆت شێتانە تردەبێ ئازیزەکەم

کوائەشق ئاوایەبێ ئاگالەناڵەم و منیش وا دەمرم

١٨

بەهار

دەمرم و گوڵی باغی سینەت بۆن ناکەم

والەحەسرەتت دیدە کوێربوم نیەچارم

من بەغەمزەیەکت فەراموشیم دێ قوربان

چ خەمێکەعەزابی فیراقت وا پێی گرفتارم

١٩

بەهار

گرفتاری شەمعی ڕووتم وەک و پەروانە

بەبێ ناڵە دەسووتێم لەم جێ ژوانە

گەرنالەش بکەم بۆخەمی تەمەنێکە

بابردەڵەبوو دوور لەو عەشقە جوانە

٢٠

بەهار

جوان بوو ئەو ڕۆژانەی پێکەوەییمان دەڵێی خەیاڵ بوو

بەڵام کواخەیاڵ بوو خەیاڵی چی ژیان بۆخۆی خەیاڵ بوو

ئێستاش بەهەوای ئەوخەیاڵەدەژیم وهەروا لەخەیاڵم

دەمرم و بەس تاچیتر پێم نەڵێن ئەم خەیاڵەخەیاڵ بوو

٢١

بەهار

خەیاڵ بوو یان واقیع ئەوینی تۆ خۆمن هیچ باکم نیە

تازەبۆمن خەمێکی قووڵەو دەزانی هیچ چارم نیە

گەرلەم ڕێگەدا بمرم یابژیم وەک یەکەوهیچ نیە

خۆمن لەم کەونەدا جگەلە خاکی دڵی تۆشوێنم نیە

٢٢

بەهار

شوێنێک نیەلەم ئەستێرەبۆژیان جێی متمانەبێ

تاهەژارو بێنەوا ڕوت و برسی گەلم بیلانە بێ

تۆبڵێی ئەم ئەستیرەبۆئێمەغەزەبی یەزدان نەبێ

دەناچۆن ئایندەمان نادیارو هاواریشمان بێ ناڵەبێ

٢٣

بەهار

ناڵەم بۆلەدەستدانی تەمەنی لەدەست چوی خۆم نیە

من مرۆڤم و بێچارەم هەزارویەک ڕەنگم مەبدەئم نیە

تۆپێناسەی مرۆڤی سەردەمم پێ بدەتامن بڵێم ئۆخەی

نیگەرانیم بۆمرۆڤەباکم بەقسەی باق و بریق و دروشم نیە

٢٤

بەهار

نیەئاوەز لەکەلەم مرۆڤ و ئاوەز دوشتی مەحالە

پێم ناڵێن چیەتاوانی ڕۆحی ئەم پەپولەبێ باڵە

قوربانی جەستەی بێ روحت بێ خنجیلانەکەم

لەئادەمەوە تائیستاهەرچی تۆی کردوەبەکاڵا

٢٥

بەهار

کالاّ نیە ئەوینت هەر رۆژ لەبازارێ بالاّ بکا

خۆمن دێوانە نیم دەزانی ئەوینی تۆروحمە

گەرسۆزی تۆبۆیەک چرکە فەرامۆشم بکا

بێگومان بە تەنها مەرگەچاوەرێم دەکا

٢٦

بەهار

چاوەڕێم دەکەی گەر شەویش هەریەڵدابێ

گەردڵی تۆش وەک ودڵی من هەر ئەوهابێ

تۆبلّێی ڕایەڵەی ئەوئەشقەت بۆمن کۆتابێ

گرفتاری تەمەن نیم لێمگەڕێ چۆنەباهەروابێ

٢٧

بەهار

باهەروابێ تەمەنی بابردەلەی منیش باهەرخەزان بێ

چی لەژیانێ کەم دورلەکوریکەسورەی باخی سینەت

بەهەشت بۆمن کوالەزەتی عەرشی سینەی تۆی تیابێ

گەرهەزارعەرشەتەختی سینەت باهەرمنی باخەوان بێ

٢٨

بەهار

باخەوانی سینەت بم بەقوربان یاپاسەوان

چ فەرقێکی هەیەبۆمن ئەرزبێ یاخودئاسمان

گەرپیرۆز دەکرا جەننەتی عەرشی سینەت

بێشک ئەهریمەن تاپەری بەسەف دەوە ستان

٢٩

بەهار

وەستان لەچاوەڕوانیت بۆمن عەجەب واخەراباتە

کوازیندەگی دولبەران هێندەی من واحەزین وماتە

هێندەتامەزرۆبوم لەحزورتا بەبێ دەنگی وەستابوم

نەکاگومان بکەی هەرچەندگومانیشت بۆمن خەڵاتە

٣٠

بەهار

خەڵاتەویساڵت بۆمن عەزیزم لەوشەوی سەری ساڵە

وا لە فیراقی تۆیە دڵ برینداروو دەمە بەهاوارونالە

دیدەکوێربوم یەعقوب ئاسابۆیوسفی روخساری تۆ

خودایەبمبەخشەبەمەرگ یاشادم کەبەوچاوەکاڵە

٣١

بەهار

چاوی کاڵت ئەزیزم بۆمن تەنهاتابلۆیەکی بێروح نیە

کەوتمە نێوان بەحری چاووقەوسی ماهت خۆشوێنم نیە

بۆیە دایم لەمەدووجەزرام وێڵ وسەرگەردانم قوربان

تیشکی نەزرەت بەربەستە بۆیەکەس ئاگای لەسوتانم نیە

٣٢

بەهار

سوتانی من بۆیە وابەتاوەو خۆڵەمێشی دیارنیە

فەنای حەرەم سەراوبەهەشتێکم دەرچونم نیە

لە نێوانی تیخی نیگاوزولفی سیاو قەدی لاولاو

چ مەحشەرێکە خولقاوە خودا تائەبەد کۆتایی نیە

٣٣

بەهار

کۆتایی نایەهیجرەتم تاون بونی بێ ئەسەر

رۆحت باڵی تەیرەو هەناسەت بۆنی عەنبەر

نیگات تیشکی خۆرو چاوت غەدارە وەک سەقەر

چی بکەم غائیبم ناگەم بەتۆ پەرێشان و دەربەدە ر

٣٤

بەهار

دەربەدەرکرێم یامەنفابێ جێم باکم نیە دەبێ هەربێم

خوحیکمەتی یەعقوبم نیەتالەدوری یوسف هەربگرییێم

ئوقرەم نەماوەبۆدیدەنیت ئەی چاوبازەی دیدەخومار

گەربشمرم دێم بەرەو بەهەشتی روت هەنگاو دەنێم

٣٥

بەهار

هەنگاوەکان ڕوولەمەرگەیاسوکنایی ڕوحێکی هیلاکە

پەنام بدە بەلێوەکان تەڕمکەوە خاکی دڵم سوتماکە

نەبا گڕی پەنگ خواردوی لەمێژینەم دۆزەخ بێوکڵپەبکا

خەوفی گەورەم بیدەنگیمە چ کارەساتیکی سامناکە

٣٦

بەهار

سامناکەهەورەتریشقەی غەزەبم سەوزەگیا

دەترسم بورکانی ناخم بسوتێینێ خاک ودەریا

تۆنازانی بێهودەییم چ چەخماخەیەکی پڕجۆشە

زەمەن تۆقیوەلێم نەکائاخری زەمان ئێستا ڕوبدا

٣٧

بەهار

ڕوبدا عەسری جەلیدلەخەم ساردیت باکم نیە

کەمن لەناوکاتدابێم و بڕۆم شوێن نرخی چیە

ترسی من لەدڵمە عیشقی تۆی هەڵگرتیە

پشکۆی ئاتەشگاش تینی گەرمی دڵمی نیە

٣٨

بەهار

گەرمیی دڵی من بوو یاشوعلەیی نەزەڕی تۆ

خوداشاهیدبە تاوانی من لەعەشقا چی بوو

کەمن غەم دیدەو پەرێشان و دڵ بریندارم

کەچی لەمن بێ ئاگا خەم ساردو بێ بەزەیی بوو

٣٩

بەهار

فریام کەوەقوربان خۆمن چیتر بەرگەی ئازارناگرم

شەوی ساردم یەڵدایەو تەمموزە ڕۆژگاری عومرم

کەمن بەم حالەوەدەست بەرداری عیشقی تۆ نابم

چلۆن گرفتاری عەزیزم بێخەبەر لەوەی من وادەمرم

٤٠

بەهار

دەمرم گوڵە نێرگزتازە بەخەمەکانم ئاشنانابی

مەگەرشوێن یادەوەریەکانم کەوی تابەڕۆحم شادبی

خوداتکاکاری هەردوژیانم ئەهلی جەنەت لێی نەڕوانن

دەنابێشک پەربشانم لەودونیاش ئەولە بۆمن نابی

٤١

بەهار

نابی دڵ وگوڵ قەت خەتا بکا

نیوتن یاسای خۆی باسەروبن کا

دڵی گەورەی من پرعەشق ترە

کەچی هەرئەویش پەلکێشم دەکا

٤٢

بەهار

پەلکێشم دەکا حوبی تا مالانیهایە

هێندە پڕم شەپۆلی گڕم مەوجی دایە

هەرشوعلە دەدا دڵم بۆیە دەترسم

نەک ئەتۆمێ بێ بۆوێرانی ئەم دونیایە

٤٣

بەهار

دونیا هیندەی تر حەزینم بکا
وەک یونس ژیان بێ بەریم بکا
نەهەنگی چی قرشیش قوتمدا
زیکری ئەوینت ریگەم ون ناکا

٤٤

بەهار

ناکا خەم عیلاج لەم شەوە بەفراویە
چی لەخەم کەم خۆگەرمی عەشقی نیە
شەوی ئەمشەو چاوەڕێی دیدارت بوم
کەنەهاتی شەوگاری من بێداریە

٤٥

بەهار

بێداریم دژداری هێمنی کەوشەنی تۆیە
چی لەدڵ کەم وەس وەسەی جوانی تۆیە
ئیلاهی تێناگەم کاری ئینس و جنە وادەکا
ئیرەیی حۆری و مەلەکە یا حیکمەتی تۆیە

٤٦

بەهار

تۆکە وەک میزراح یاری دەکەی بەژیانی من

کەبێ پەروای لەئاستی ناڵەو هاواری من

ئای چ بێ تاوان دەرچوی لەعەزابدانی من

خودا نازانم حیکمە ت چیە لە قەدەری من

٤٧

بەهار

من لە فیراقی وا ئەسرین دەڕێژم

لەباغی سینەی گەرەکمەخۆم بنێژم

بۆغەمزەیەکی چاوم پڕەلەحەسرەت

گەردیدەنیم کا نازانم چی بوێژم

٤٨

بەهار

بوێژی سیحری جوانی دوچاوەکەی خومارت بم

یاخەریکی هۆنینەوەی پرچی لول وتاتارت بم

لەچاڵایی نێوانی چەناگەو لێوت ونم کە

تاتائەبەدپاسەوانی خونچەی دەمی گوڵاوت بم

٤٩

به هار

گولاو پرژێنم کەبەشەمامەی سینەو گوڵی گۆنات

تامەستی ئەوینت بم ئەی کچی جوانی ڕۆژهەلات

لەبەختی سیام شەودەباری و کەچی من هەرچاوەڕێم

تەنها جارێک ڕوو لەلای من بکەتا بڵێم ڕۆژ هەلات

٥٠

بەهار

ڕۆژ بۆتیشکی چاوەکانت وەکو قەمەر خۆی دەنوێنی

گەر موسا لە کێوی تورخۆی نەگرت نوری خودا ببینێ

خۆمن کەمەندکێشی عەشق و دیلی چاوەکانی تۆمە

چاوم پڕکەی لەگڕ نایتروکێنم گەربشمسوتێنی

٥١

بەهار

بمسوتینێ پایزی دوریت بمکابەخۆڵەمێشی بەربا

گەردەلولی جوانیت لولمداياشەماڵی ڕۆحم هەڵکا

من کەلەدوریت زامێکی هێندە پڕسوێ و بێ هەتوان بم

چ باکم هەیە بەئاووئاگر یاڕەشەباو مەرگ بمبا

٥٢

بەهار

بمبا بۆمەنفای رۆحی یالەچاوم رابکا

بمکا بەهاوژینی یافەرمانی قەتلم دەربکا

خۆمن یەخسیروداماو دڵکەسیرەی ئەوینیمە

توخوا پێی بڵێن یاران گەروا نەکا باوانەکا

٥٣

بەهار

نەکالەمەغریب تا فەجر چاوی هەڵبێنێ یار

دەناتێک دەچێ نامێنێ خەتی لیل و نهار

کەئەستێرەمەداری خۆی گۆڕی ڕۆژ چیدەکا

مەگەر(شمس کویرت) ڕوبداو بڕوا بەیەکجار

٥٤

بەهار

بەیەکجار ڕۆحم بکێشە باشترە ئەی جەفاکار

نەک لەدوریت بتلێمەوە بەدەم ناڵەو ئازار

تۆکە سارقی دڵ و هەم جەلادی ڕۆحم بی

چ فەرقێکی هەیەبۆمن مەرگ یا ئینتیزار

٥٥

بەهار

ئینتزاری وەسڵت بم یان خەمی خۆم ئاشکراکەم
کەتۆلەحیکمەتی عەشق ناگەی ئەمن چی ئیقرارکەم
هۆ گوڵنازەکەم بۆ دەبێ هەرمن دڵ خەتابارکەم
کەمن خادمی ئەشق بم هەردەبێ چاولەعەتاکەم

٥٦

بەهار

عەتای دولبەران هەرچی بوو با بێ
ژینێک بێهودەو چاوەڕوانی بێ
مەرگ چاترە بۆم کەدیاری یاربێ
تەلقەی رەحمەتە گومانت نەبێ

٥٧

بەهار

گومان مەبە چیتر یار بێرە هەوارگەم تابیزانی
بەهەشتێکەدڵم لەگوڵزار ناخم ڕوونە وەک کانی
لەدوریت تریفەی مانگ نەیما ڕەونەقی جارانی
کوێراییم داهات شەوتاسەحەر لەچاوەڕوانی

٥٨

بەهار

چاوەڕوانی نەقشی مەحفوزەلەچارەی من

یابەدەل عەزابی قەبرە بۆ چارەی من

ئیلاهی کەی دێ قیامەت لەچارەی من

یاهەربێچارەیی ماوە بۆچارەی من

٥٩

بەهار

چارەی من کەوا هەربێچارە بێ

خودامن دەبێ گوناحم چی بێ

گلەیی ناکەم کەدڵشکاوم

چارەنوسمەچۆن بوو باوابێ

٦٠

بەهار

باوابێ من ڕۆڵەی کوێستانو گوڵ نابینم

ڕەفیقانی ئەشق بێنەفریای کۆڕی شینم

بولبول لەناڵەم تێدەگاو کەچی بێنەغمەیە

زۆردەترسم نەکا تا ئەبەد تەنها بمێنم

٦١

بەهار

بمێنم گەر بۆدیداری کوا عومرم دەچێ بەبادا
لەخەڵوەتی چاوەڕوانی ئەبەد هاوین بێزارم ناکا
کرنۆش دەبەم کەدەبینم لەسێبەری درەختێکدا
گوڵی بەفری سپی شل و ملەیا زەنگولەیەو نازدەکا

٦٢

بەهار

نازی (مەحبوبە)یە یا مەوجی عیشوەتە وا لەمن دەکا
دەڵێی ژیان وەستاوە تەنها لەنجەی تۆیەنازدەکا
بەغەیری عەکسی تۆلەدڵدا ئەبەدنیە ئەتواری‌تر
بۆیەبانگی عەشقم لەحەقدا ئیجاب بە (کودو) ناکا

٦٣

بەهار

ناکا پرسیاری حاڵم بێ موبتەلایە
هەرچی کردم دادی نەدام هاوارخودایە
کەمن کوشتەیی ئەوبم بۆوا دەکا یار
بانەمکوژێ ئیلاهی دڵ بێ خەتایە

٦٤

بەهار

خەتای دڵ بوو یا نەزرەیی چاو

کەدەرکەوت لێم گزنگی خۆرەتاو

دەمی خونچەی کە شکۆفەیدا

ئەوپێکەنی و منیش سوتاو

٦٥

بەهار

سوتام لەسوتاوەک جگەرسوتا

کەغائیب بو ڕۆژت ڕۆژم سوتا

دادو ناڵەمەبۆدڵەی سوتاو

لەعەشقت سوتام دڵت نەسوتا

٦٦

بەهار

سوتابم یانە هەپڕون بەهەپڕوون

دۆنادۆنی ئاسمان بم یازەمین

ئادەمی بم یانەوەی ئینس و جن

دێم بەرەو چاوگەت ئەی کانی ژین

٦٧

بەهار

کانی ژین بۆمنی خامۆش و هەردەم حەزین

ئەی تاڤگەی بەخوڕو پڕخرۆشی ئەوین

ئەبەدنەمزانی لەکوێ هات گڵی جەستەی من

یاگۆزەی شکاوی خەیامە پارچەی دڵی من

٦٨

بەهار

دڵم خەتاباربو یاخەمی تۆ لەم شەوەدا

چ حەسرەتێک بوو تامەزرۆییت لێدەتکا

ئەی شۆڕەژن کەتۆ نوسای بەڕوحمدا

تەعەجوب دەکەم واشێت بوم و کەوتمە سەما

٦٩

بەهار

سەمای چی ناڵەی ڕوحمەگەمەم پێدەکا

وەکو یاریی هەور بە باران و با بەگەڵا

تۆکە کێژەڵووکەی تەمگرتوی ئەوین کوژبی

چیتداوە لەبوڕکانی عیشقم باسەر دەرنەکا

٧٠

بەهار

دەرنەکا ڕوح لەجەستەم یارخەتادەکا

تێدەگا هەرکەس سەیری ڕوخسارم بکا

زەلیل و نێچیری ئەوچاوە سیحراویەم

پێی بڵێن توخوا باچیتر سەیرم نەکا

٧١

بەهار

سەیرم کا بەم حاڵە یار چیدەکا

قابیزی رۆحم یافەنام دەکا

کەمن جاهیدو هەرئەومەئوام بێ

بێشک هەردەبێ ئەوعەتا بکا

٧٢

بەهار

عەتای واعیزی حوسنت قوربان لازمە

بمحوبێنە حوبت بۆمن حەمیمە

تۆکە شاهی دولبەرانی کەرەمکە

بەماچێکت شوکرو موستەغنیمە

٧٣

بەهار

موستەغنی عومری بەسەرچوبم تاکەی

سیلەی چاوت کوشتمی و چارەم ناکەی

کەشتی ڕوحم شکاوەو ماندومە قوربان

لەبەحری ئەوینت بۆ غەرقم ناکەی

٧٤

بەهار

غەرقی دەریای چاوی بم یاپێکی ئەوین

شەیدای سێوی سینەی بم یادڵی سێوین

ئیلاهی سەرگەردانم چۆن بەم حاڵەبژیم

مەستی سیحری جوانی بم یالێوی هەنگوین

٧٥

بە هار

هەنگوینی لێوی تۆبو واشێتی کردم

یاشەهدی کانی ژین بو هەرەتەی کردم

دەڵێی تەناسخی ڕۆحی خدری زیندەبومە

کەوا وێڵ و عەوداڵی ئەووکانیەت کردم

٧٦

بەهار

کردمە پەتی سێدارەماری زولفت

ئاڵاوە لەملم ئیجاب ناکاخەمت

لەلەوحەی مەحفوز نوسراوەبۆمن

کەموعتادبم بەشیلەوگوڵاوی دەمت

٧٧

بەهار

دەم بادەم رێگە نادەم

گوڵی ژینت بەبا نادەم

لەو دەمەی دەمی دەمە

دەمی بادەم چۆن بەبادەم

٧٨

بەهار

بادەمی گوڵبەدەم چۆن لەرێی عەشقت لادەم

گەریوسفی جوانی بم بۆزولێخای ڕوت ئامادەم

کەمن گزنگی خۆرو سێبەری حەوا لەڕووت ببینم

خودا بەهەشتیش بێ دەبێ لادەم وەکو ئادەم

٧٩

بەهار

ئادەم تاوانبار بوو یاخود حەوا

فەرمانی تۆبوو یاشەیتان تەفرەیدا

ئیمانێ کەلەئادەمەوەلەق کراوە

بەمن چانابێ بمبەخشە ئەی خودا

٨٠

بەهار

خودا ویستی تۆیە یانە داماوی ئەقڵم

کەئامادەم لەپێناوی ئەوساتەبمرم

هێندەڕامام لەیاسای ئەم کەوشەنە

ئیستاش نەمزانی مرۆڤم یانەبەردم

٨١

بەهار

بەرد کوادەتوانێ گۆمی مەنگم بشلەقینێ

مەرگ چۆن دەتوانێ من لەتۆ دابڕێنێ

من کەتوانای هەڵوەشانی زەمەنم بێ

ئەستێرەومانگ رۆژوکەوشەن چی لەدەست دێ

٨٢

بەهار

دەستەکانم وەک چاوەڕێی بەزەیی بن

لەبەردەم پەیکەری جوانیت وەستاون

تۆش هێندەبەناز تێڕاماوی سەیرم ناکەی

بەوچاوانەی وەک ئەستێرە درەوشاون

٨٣

بەهار

درەوشاوە ناوو جوانیت

شیفایە تەڕایی لێوی کانیت

وەکو ئاوی بەقایە بۆ من

وەلێ چی بکەم کەنازانیت

٨٤

بەهار

نازانی چ بەئازاربوو کە بیستم هەواڵی

مەرگ بۆمن باشتربوو نەک واببینم حاڵی

خزم دۆست وبرادۆست ومرۆڤ دۆست بو وەلێ

حەیف خاڵیەلەخۆشی دڵم وەک و چۆڵی ماڵی

٨٥

بەهار

ماڵی هەموان دەبو گەر ئەم زەمینە بەهەشت بوایە

جەهەندەم دەپێچرایەوە تاهەتا هەتایە

لەنێوان ئەقڵوعاتیفەوحیکمەت سەرم سورمایە

خودایەچی دەبوو گەر وانەبایە گەر وانەبایە

٨٦

بە هار

گەروانەبا پایزلەگوڵ دا نەدەبڕا

مرۆڤ زیندەبەچاڵ و برسی نەدەکرا

قابیل چەپکەگوڵی دەدابەهابیل و

ماڵی گوڵ و ساباتی گوڵ دروست دەکرا

٨٧

بەهار

دەکرا لەسێبەری یەقین

ڕوح لەجەستە دانەبڕین

ئیلاهی (کن فیکون) ێکە

بۆلەترس و گومان بژین

٨٨

بەهار

ژینێ کەوا هەرژان و ژاربێ

خەمی هەژاران هەرلای من باربێ

باجەژنی کرێکار یەکی ئەیاربێ

کەی ئەمەجەژنەهەژار بێکاربێ

٨٩

بەهار

کاری جادووە یافیتنەیی چاوە والەمن دەکا

تامەزرۆیکردمو لەڕەزو باغی بێبەریم دەکا

گەر(فارس الاحلام) ت نیم بۆوادەکەی قوربان

پەڕاگەندەی خەیاڵتم دڵ تالبی مەئوا دەکا

٩٠

بەهار

مەئوای دڵ تاکەی مەحشەری خەیاڵی تۆبێ

کەدڵ دائیم ساکینی خەم و هەمرازی تۆبێ

قابیزی ڕۆحم بی سائەمن چی بکەم قوربان

دڵ گوناحی چیە چاوەڕێی فیراقی تۆبێ

٩١

بەهار

تۆکەجوانیت لێ بتکێ منیش تنۆک تنۆک ئەوین

تۆبەناسکی هەڵوەرێی منیش دڵۆپ دڵۆپ ئەسرین

دەزانی من و تۆ لە دوو تابلۆی نامۆدەچین

کات درەنگە دەمت بێنە بالەمەستی بمرین

٩٢

بەهار

مردن چیدەکا لەباوەشی یار

ئەی سارێژکەری زامی کۆنەسار

بەهەشتی سینەت باغی ڕەزوان بێ

ئەوەی لێی دوربێ دەکا شین و زار

٩٣

بەهار

شین و زاری من لۆبێ دادیە

کەلەبچەی دەستم هی نادادیە

خەمی مەیخۆران هەرلای ساقیە

بۆیەئەقل دادیم هەر نامرادیە

٩٤

بەهار

نامرادبم لەخۆشی یالە ژین بێ بەش
سەرم هێندبەرزە وەک و چیای سەرکەش
دەبمە تروسکایی هیوای ڕوون و گەش
ئەبەد نامشکینێ دەعبای شەوگاری ڕەش

٩٥

بەهار

شەوی زۆر ڕەشم بینی لەم عەسرە
نەمدی وەک تولفەی ئەحمەقی یاسا
ڕوتبەزۆربووە وەک خورمای بەسرا
هاوار (مونتیسکو)کوا (روحی یاسا )

٩٦

بەهار

یاسای ئەم کەونە بۆدەبێ وابێ
یابەختی کوردە حاڵی شێر وابێ
یەکێ لەزیندان یەک لەجێ دابێ
یەکێ بۆ ناو گۆر کفن کرابێ

٩٧

بەهار

کراوە بەحوجەت باسی ماهوو بەی

بیانوی ئازاری دڵە تارو نەی

کەمن رۆژو گری فتاری لێوت بم

ئەبەد ناشکێ تێنوێتیم بەمەی

٩٨

بەهار

مەی بۆسەدای ناڵەی بیمارانە

چریکەی بولبولی وەرزی خەزانە

ئەوەی گرفتاری ڕوت نەبێ تێناگا

کەمەی هەم دەردەو هەمیش دەرمانە

٩٩

بەهار

دەرمانی دەردم تەنها نیگای چاوی یارە

زامی بیمارستان کەی وەک من بەئازارە

ئیلاهی بەندەی بێتاوانم ئەوخەتا کارە

چی بکەم جادوی لێکردم بەو چاوە خومارە

١٠٠

بەهار

خوماری چاو کوا دەبێتە فیتنەی ئاخر زەمان
حەسودیە پیشەیان و ئاین دەکەنە قەڵغان
یاغائیبن لەدیتنی یانە حافزن زگماک
دەنا گومان چۆن دەبرێ لەدروستکراوی یەزدان

# زریان

١

هەمو شەوێ

لەخەمم گەردە لوولێ

لەبێدەنگی زریانێ

ماڵی دڵم وێران بوو

٢

کەبینیت بێدەنگم

مەترسە لێم

ئەوە بیر لەتۆ دەکەمەوە

٣

با ئەمجارە

ڕێگەی گوڵ تاقی بکەینەوە

ئەم شارە جاران

شەقامی گوڵە جاڕو ماڵەکانی گوڵدان بوو

وەرە فریام

ئەی جوانترین گوڵ

ئەمن لەمێژە تەنیام

٤

لەم شارەدا مرۆڤێک هەیە

بەڕوحێکی شەکەت و عەشقێکی شاراوە

لە بێدەنگیەکی سامناک

ڕۆژەکانی تێدە پەڕێ

نەکەس دیدەنی دەکا

نەکەس هەستی پێدەکا

ئەسەف بێخەبەرن لەوەی

کەئەوبمرێ

عەشق لەم شارە کۆچ دەکا

٥

خودایە ئەم بەستەڵەکی نێوانمان
کەی دەتوێتەوە
بێزاربوم بێزار
بێزار لەمرۆڤ بون
مرۆڤ ئەم زەوییەی بۆگەنکردوە
کەشەر باشترین پیشەو
نوێترین داهێنان بۆکوشتن کرابێ
چی لەبەخشندەیی بکەم
کەگوناحترین بونەوەربم
هومێد کوا دەگا بەدواروژ
لەم زەلکاوی مرۆڤ بونە قەتیس ماوم
ئەم کەونە بەرۆژ ڕوناک نابێتەوە
هەزاران پەردە نێوانمانە
ئیلاهی
ئێمە لەسێبەری ڕۆژداین
یاچڕنوکی تاریکی
سێبەری میهرەبانی
یاچاوەڕوانی تەواوبونی کات
لێرە ئارامگەیەک نەماوە
دەڵێی بەکۆمەڵ نەفرەت لێکراوین

تەواوی کە ئیلاهی تەواوی کە

فولەپەڕەی ئەزەلمان کە

نغرۆبوین لەچاوەڕوانی نغرۆبوین لەچاوەڕوانی

٦

ئەمجارەیان کەهاتیەوە

بەلێوەکانت تامەزرۆییم بشکێنە

بەنیگاکانت تاسەی دوریم بڕەوێنە

ئاشتم کەوە بەژیان

ئەی هەتوانی ئازارو ژان

من دەمێکە وێڵم

ئەی تروسکەی ئارامگەی تەنیاییم

عەیامێکە غوربەت ماڵی دڵمە

بێدەنگی کاتەکانی تەمەنمە

دەوەرەوە

لەمێژە باغەکانی خەیاڵم

جریوەی باڵندەیەکیان نەبیستوە

زەمەنێکەهەنجەت بەمەی و

وڕێنە بەتا دەگرم

ماوەییێکە زڕە خەون پیشەمەو

جارجار گەشکە دەگرم

ساڵانێکە لێناگەڕێن

تێرتێر غەریبی خۆم

پڕپڕبەگەروم بچرم

تەمەن خەریکە چاوەکانم دەبا

زوو زوو لەرزێک جەستەم دەگرێ و
یەک هەنگاویش قاچەکانم ڕێناکا
من بومەتە لەیبوک و
هەرچی هەیە
لەبا لە باران لە مرۆڤ لە درەخت
خێرا خێرا پێشبڕکێیانە
کامیان زوتر یاری بەچارەنوسم بکا
ئەی یار
پەلەبکە لەدیدەنیم
باچیتر نەبمە نێچیری کات
نەبا جانەوەری تەنیایی لولم بدا
بمکا بە چرا ڕەشکەی دەم ڕەشەباو
تاریکی خامۆشم کا
ئەی یار
بۆدواجار
گوێ بگرە لەنرکەی زامێکی کۆنەساڵ
گەر ئەمجارە لەدیدەنیم پەلە نەکەی
بێشک بە
نەچرا ڕوناکی جاران و
نەشار ئارامی تیا دەمێنێ

عەشق ئەم شارە غەریب جێدێڵێ
بێنازی و وەیشومە
هەرچی گوڵە پەڕپەڕدەکا
جارێکی تر بۆنی جوانی تێناگەڕێ

٧

ئەمجارەیان

کەهاتیەوە دوو دڵ مەبە لە بێدەنگیم

ئەگەر ویستت فریام کەوی

وەرە بۆئەو دورگەی

لەهەرچوارلای دەریای مردو

خۆرلەکاتی ئاوابون خۆرلە کاتی ئاوابون

٨

کەڕۆیشتی زریان هەڵیکرد

کرێوەی بەفرو

شلێوەی زستانێکی توش

لە چاخی نوێی سەهۆڵبەندان

بەفرێکی ئەستور بوە سەرپۆش

تارمایی سپی شەپۆلی دەدا

با ش ڕەنگی سپی گرتبوو

زەمەن لە ناوسپێتی ون و

رۆژ لە کڵو بەفرێکی ساردو سپی دەچوو

ئەستێرە کزتر لەچرای ماڵە هەژاران و

گڤەی با چ دەنگێکی سامناک بوو

لە تەپڵی شەڕو نەفخی سور دەچوو

خودایە

بیابان چەندە ترسناک و ساردوسڕ

تەلیسمی چ جادوکەرێکی قین لەدڵ بوو

ئیلاهی

شەو چ ئەژدیهایەکی بەسام و

لە یەڵدا تەمەن درێژتر

بەری خۆریش تەم تومان و چربوو

چ مەحشەرێک بوو خودایە

لەم شەوە بەفراویە
سەرما لەئەڵماس تیژتربوو
ئاسمان یەک پارچە هەوری سپی و
بەفر وەک باران بەلێزمەو خوڕبوو
منی شەکەت تاوانم چی بوو
بەلەشێکی سەرما بردەی تەزیو
وەک پاڵەوانی دۆڕاو
لەمەیدانی جەنگابەزیو
وەک باڵندەیەکی تەریو
خوێن لەدەمارەکانم مەییو
ئەژنۆیەکی شل و
هەناسەیەکی تەمگرتوو
ڕوێکی هەڵبزڕکاو
زمانێکی لەگۆکەوتوو
ئیلاهی
هێندە گەڕام
دەرگای دۆزەخ لەکوێ بوو
بەم کۆڵەوەماندوو شەکەت نەمدۆزیەوە
بەقەد ئەم کەونە سەرمام لەکۆڵناوە
هێندەی گەرمی خۆر

ساردی تینی بۆم هێناوە
دەڵێی دەرگای دۆزەخ
بەبەفرو کڕێوە لەمن داپۆشراوە
هەرچی کردم
مەحشەرێک نەبوو شەکوای لێ بکەم
فریشتەیەک نەبوو
بە بەفر بڵێ گەرمبە
کەشتیەک نەبوو
لەو تۆفانە رزگارمکا
خودایە
تاکە هیوا
پشکۆی عەشقەو
لە ناخم خۆی مەڵاس دایە
هاکا بورکانێ سەردەرکا
لە شوێن تەلیسمی بەفراوی
گوڵستانی پڕ لەگوڵ چرۆبکا

٩

دەتانەوێ

بێدەنگی بکەینە کابوس

هەموو شەوێ

دەست لەخنخنۆکەی

کارمامزی خەونە کانمان بنێ

یازڕ خەوبین

بەدیار کفنی خۆمان هەڵتروکێین

تادەمرین

دەست بە کڵاوی خۆمانەوە بگرین

دەتانەوێ

چرکە چرکە

گوڵی تەمەن هەڵوەرێنین

دەست لە ئەژنۆ

چاوەڕێ بین

نزابکەین بگرین بگرین

فریادڕەسێ

لە خەیاڵمان هەڵچنین

هەربەهیوا چاولەڕێبین

تا دەمرین

١٠

کەزریان هەڵیکرد مەترسە

ئەوەخەمساردی تۆیە

لەعەشق بەستەلەک و

لە چاوەکانم بوڕکانێ لەگریان

فرمێسکێ لەزوقم

تێناپەڕێ

جگە لە گزنگ

هەمووشتێ دەبێ

بەخەم لەتاوێ باران

دادەبارێ بەسەر

گێڵگەی منی

گڕلەچاوو

بێدەنگی لەغوربەت

دەزانم

دەمرم و

ئێوەئەبەد شەرحی دڵی من ناکەن

١١

ترپەی دڵم لێناگەڕێ

بۆیەک ساتێ

لێت دابڕێ

گەردەتزانی بۆ وادەکەم

بێگومان بە

تاقانەکەم

هەموو شەوێ

خەون بەباڵاتەوە دەبینم

بێ هومێد لەژیان

تەنها بۆتۆ دەژیم

١٢

دەیانەوێ
لەگۆکەوین
بەچرپە ئاوازی غەریبی بچرین
بەسرتە بپەیڤین
لەناودێڕی شیعرا
نیشتمان بەدایک ڕەمز بکەین
ئازادی بەهەڵۆ
نوسین بەناوی خوازراوو
گومان لەخۆشمان بکەین
میللەتێکین
لەوەتەی هەین
پشکۆی ئاگردانین
لە بۆشۆڕش سوتەمەنی و
هەربە ئاوات ناگەین
سەرباری خەم
کەچی هەندێک
واتێدەگەن پاڵەوانن
هەرچی هەبوو
هەرچی کردمان
خەرمان بەرەکەت
ئەوان بردیان

دە شیانە وێ
بۆ تیکە نان وەک و تاژی
بەدوای ئەوان ڕاکەین
گەرەکیانە قەڵەم فرۆش بین
پەنجەکانیش هەڕاج بکەین
لێناگەڕێن وێنەکێش بین
لەتابلۆیەک
هەرچی هەیەبینەخشێنین
لێناگەڕێن شانۆکاربین
لەسەرسەکۆ
لەدیمەنێکی تراژیدی
بەژانەکان هەڵشاخێین
دەیانەوێ وەک و موهەریج
سەمابکەین
لە پێکەنین
کۆمەڵ بەنج کەین
بووکەڵە بین
لەهەڵپەڕین

١٣

لەوەتەی عەشق تێکەڵی

ڕۆحم بووە

ڕەنگم ڕەنگی گریانەو

بۆنی ماتەمم گرتوە

نەمەرگ زەفەرم پێدەباو

نەژیان لەباوەشم دەگرێ

عەجەب

چ بونەوەرێکی نامۆم لێهەڵکەوتوە

بەزمانی پەپولە دەدوێم

هەناسەم دوکەڵی جگەرەیگرتوە

لەگەڵ هەورو ڕەشەباهاودەمم

شەوهەموو ژیانمی قۆرغکردوە

جارجار زریانێ

لەجەستەما هەڵدەکا

دەمباتەوە کەناری ئارامی

ڕۆحم لەسەرپەڕەی گوڵێک

شنەدەکا

چ ڕوانینێکی سەیرە

ئاوازی شکۆفەی گوڵێک

دەمباتەوە ناودیمەنی

تارمایی لەنجەی ڕوح

لەکاتی گیان کێشان
خودا
من گوناحم چیە
شاهیدی ئەوهەموو مەرگە بم
مەرگی گەڵا
مەرگی باران و کزەبا
مەرگی گزنگی خۆرو
مەرگی خێوو دۆڵ و چیا
مەرگی پەپولە و فریشتە
مەرگی زریان و ڕەشەبا
ئەی خودا
جاویدانی بۆمن
مەتەڵێکی شوومەو
بمگەڕێنەوە ماڵی ئارامی
ڕۆحم ئازارم دەدا
چیتر بەرگەناگرم چیتر بەرگەناگرم

١٤

شەو

ئەوهەموو هێمنیە

چۆن نەکەم بەئارام بەخش

کەلەسپێدەدا گەیشتە دواترۆپک

ڕۆژ

ئەوهەموو جوانیە

لەچاوەکانم چراخان

ئیترچۆن دەتوانم

ئاسایشی ڕۆژ تێکبدەم

من هەمیشە

شەومالّی تەنهایی و

دوامەنزلّمە

چون دە توانم

شە و نە پوشم و

روژ

بە و هە موو بە خششە ی

چۆن دەتوانم

تیشکەکانی فەرامۆش کەم

چی دەبوو گەرلەبەینی شەوو ڕۆژدا

من بەتەنها

لەگەڵ خەمەکانی خۆم ژیابام

١٥

لێگەڕێن

باتامی مەرگ بکەین

ژیان لەزەتی نەماوە

بونەوەرێکی نامۆین

لەومەملەکەتەی بەکات داپۆشراوە

کات چەندە دڵرەقە

لێناگەڕێ تامی جوانی

تامی عەشق بکەین

کات میوانی ناوەختە و

بەتالوکەیە

کات جێمان دێڵێ

پێڕاناگەین تامی عەقل بکەین

تەمەن بەشی تێڕامانێک ناکا

بێزم لەکات دەبێتەوە

لەمرۆڤ بوون

باڵەکانمان بەشی فرین ناکا

گیرۆدەبوین

زەمەن تەونی جاڵجاڵۆکەیە

دەگمەنترین نێچیر ئێمەین

کەچی پێمان وایە

شەڕی زەمەن دەکەین

لەوەتەی هەین
لەناو وەهما گوزەر دەکەین
نازانین خەیاڵین یاسێبەرین
چ بونەوەرێکی سەیرو سەمەرین
لەوەتەی هەین
لەنشوستا سەروەرین
وەک مناڵێکی ترساو
بۆباوەشێکی ئارام
تامەزرۆین و
کەچی هەردەربەدەرین
فێڵ لەچاوی خۆمان دەکەین
گەمەبەعەقڵ
هەناسەبۆبەخت هەڵدەکێشین
لەوەتەی هەین
لەمەرگ ڕادەکەین
بێ ئاگالەوەی
هەمومان مەحکوم بەمەرگ و
خاوەنی یەک قەدەرین

## سەفەر

١

سەفەرت بۆمن
وەک و پچڕانی گوڵە لەباخ
دەزانی تاتۆم دیەوە
پەپولەو فریشتەو گوڵ نەما
گزنگ و باو بەفر نەما
عیفریت و ئادەم و شەیتان نەما
دەستەو دامێنی نەبم
کەچی تۆش باسی سەفەر دەکەی
دەزانی سەفەرت بۆمن
وەک و دابڕانی بەفرە لەلوتکەی شاخ
بۆبینینەوەت بومەوە ئاو
شەپۆل نەما شەڕی کەنارم پێ نەکا
کەچی تۆش باسی سەفەر دەکەی
سەفەرت بۆمن
وەک و دابڕانی هەناسەیە لە ئاخ
ئاسمانەکان شاهیدن
پرسیار لە کات بکە
ئێستاش ناڵەم
لەناوسەدەکانیان دەزرنگێتەوە

کەچی تۆش باسی سەفەر دەکەی
سەفەرت بۆمن
دابڕانی ژمارەیە لەحساب
لۆچەکانی چاوەڕوانیم شاهیدن
پرسیار لەتەنیاییم بکە
کەچی تۆش باسی سەفەر دەکەی
گەر سەفەریشت کرد
وەرە بۆدورگەی رۆحم و
ئارامیم پێ ببەخشە
گەر سەفەر دەکەی
وەرە ئاوێزانی چاوم بە
تالەبینینت پڕ ببمەوە
گەرسەفەر دەکەی
وەرە بەناوستاتیکای خەیاڵم تێپەرە
تاڕەنگی جوانی تۆ بگرم
گەرسەفەر دەکەی
وەرە ناوئاوازی بێ دەنگیم بیهەژێنە
بامانی چاوەروانی بشکێنم
وەرەو وەرەو وەرە
تائەبەد باسی سەفەر مەکە

٢

کەتۆ باسی سەفەر دەکەی
بێ ئاگا لەوەی
گوڵ لەباغ و
کانی لەسەرچاوەو
داربەڕو لەڕەگەوە
وشک دەکەی
کەتۆباسی سەفەر دەکەی
بێ ئاگا لەوەی
ڕەز لە بەر و
هەنگ لەشیلەو
چاو لەبینین
بێ بەش دەکەی
کەتۆ سەفەر دەکەی
بێ باک لەوەی
چاوەڕوانی کوێر دەبێتەوەو
خەون سەر لێشێواو
خەیاڵ پەناهەندە
کەچی باسی سەفەر دەکەی
کەتۆ سەفەر دەکەی
لەوە ناگەی
مانگ کۆچ دەکاو

ئەستێرە بەدواتەوە

باس لەمەرگی بەشەر ناکەم

ئەی چی

لەئۆباڵی عەشقی من دەکەی

کەتۆ سەفەر دەکەی

لەوە ناگەی

وەک و دلۆپێک ڕۆندک

بەناو خاکی تەنیاییم شۆڕ دەبمەوە

پێنوسەکەم تنۆک تنۆک

دادەچۆڕێ

مەگەر تەنها خودا بمدۆزێتەوە

٣

سەفەرت بۆمن

داماڵینی جوانیە لەبەهار

سەفەرت بۆمن

بێ بەشکردنی شەپۆلە لەکەنار

سەفەرت بۆمن

دابرانی شەونمە لەگەڵای دار

کەچی تۆش باسی سەفەر دەکەی

سەفەرت بۆمن

دابرانی خۆرە لەپرشنگ

سەفەرت بۆمن

دابرانی گوڵە لەشیلەی هەنگ

سەفەرت بۆمن

نەمانی بڕوایە بەجەنگ

کەچی تۆش باسی سەفەر دەکەی

سەفەرت بۆمن

وەک و دابڕانی خەیاڵە لەبێ دەنگی

سەفەرت بۆمن

دابڕانی چرایە لەتاریکی

سەفەرت بۆمن

دابڕانی پەلکەزێڕینەیە لەڕەنگی

کەچی تۆش باسی سەفەر دەکەی
سەفەرمەکە
دەزانی بێ تۆ ئاوارە دەبم
خۆعەشق سواڵ ناکرێ
دەترسم لەتەنیایی بمرم
توخوا سەفەر مەکە
گەر سەفەریشتکرد
بادڵی من هاوسەفەرت بێ

# تاڤگە

١

کە تەڕاتی لێوی کانیلەی عەشقت

تێنوێتی رۆحم نەشکێنێ

عەجەب چاوەکانم

دوو تاڤگەی بەخوڕن لەدوریت

٢

ئەی ژنانی عەفرین

گەر ژەکی مەمکتان چۆڕاوگەی خوێن بێ

یاتاڤگەی خوێنی ڕژاوی

هەزاران لاوی

بێ سەروشوێن بێ

مێژوچۆن تۆماری ناکا

کەعەفرین خاکی نەبەزین بێ

لانەی هەزاران تەواری وەک و (بارین) بێ

٣

گەر چاوەکانم

دوو تاڤگەی بەخوڕی

پڕلەئەوین بن

هەرلەدوریت ئەسرین بڕێژن

ئەی ناسکتر لەدڵێکی پڕلەزام و ئەوین

سوکنایی رۆح لەکوێ بێنم

لەم رۆژگارە پڕلەوەیشومە

هەرچی هەیەناوی لەخۆی ناوە

سورمێ ، لیلێ ، شیرین

٤

هەموو بێریەکان
لێرە تێدەپەڕن و
کەچی من هەرتەنیام
ئەوە حۆریەکانی ئەنفال
ئەوە کچانی عەفرین
ئەوە مەلەکانی شەنگال
ئەوە دوێتەی هەزارجار ئاوارەی گوڵاڵەو
ئەوە چیمەنی کەرکوک
ئەوەهەزاران گوڵی مهابادو
ئەوە کەنیشکی هەورامان و
ئەوەشۆخەکانی دیاربەکرو
ئەوە نێرگزە جاڕی قەندیل
ئێستاش نازانم من چیم
چ خاکێکی نەفرەتیم
لەوەتەی هەم
بەخوێن ئاودەدرێم
کەچی درەختێکم نەدی باڵا بکا
سێبەرەکەی لەخۆی گەورەتر بێ و
هەرچی خاک و خۆڵم هەیە
هەرچی ئاوو دۆڵم هەیە
داگیربکا

٥

کەمن تاڤگەیەک بم پڕلەعەشق

وشەکانم هەموی نۆتەن

بۆ لە چاوەڕوانی بمرم ؟

٦

هەردڵۆپێکی

تاڤگەیەک بوو

کە لەچاوەکان دەرژا

لەوەتەی مێژوو هەیە

بەرهەمی ئەم خاکە مەرگە

کەچی ؟؟؟

نەبارانێکی ڕەحمەت

نەتۆفانێکی غەزەب هەستا

# ئادەم

١

هەموشتێک کۆتایی دێ
تەنها من نەبێ
دەبمە دلۆپێک لەوبارانەی
لەبەهەشتی خەیاڵتان
دادەبارێ
تا گوڵەگەنمی ئارەزوتان
بەخەیاڵی خۆتان بڕوێ
ئەمجارەیان
کەژیان دەست پێکاتەوە
بێگومان بن
لە نوتفەی من هەڵدەقولێ
چی دەبێ
ئیلاهی
بۆیەک جاریش
ئادەمێک بێ و
لە سولالەی منی کوردبێ

٢

دەڵێن !؟؟؟

حەوا

کە لە پەراسوی ئادەم ڕوا

بەیەک بینین

لەبەهەشتی پان و بەرین

شەیتان فریویدا

کەچی

غەزەبی خودا

لەسەر زەمین

بەر ئادەمیەت بڕا

منیش دەڵێم

ئەی کچی حەوا

با ئەمجارە

ڕەحمان فریوتدا

لەم مەملەکەتی

شەیتانە

ڕزگارم کەو

بمگێرەوە

بۆ جەنەتول مەئوا

٣

ئادەمیەت گوێ لەڕازم بگرن

ڕێز لەمامۆستاکانتان بگرن

گرەو لەسەر مامۆستا مەکەن

بە هەموان بژێویان چاک بکەن

پیشەی مامۆستا زۆر بەرزە

ڕێزیان لای ئێوە وەک فەرزە

دەی مەیکەن بەتێک بەردەر

ئاوایە ڕێزی ڕێنیشاندەر

شەرم بکەن لەناوی مامۆستا

بۆحەقیان بەلارێدا بڕوا

ئەی ماموستای یەکەم وانەی ئەلف و بێم

ڕێم پێبدە بەناوی تۆوە بدوێم

شەرمەبۆمن کەناوی تۆبێنن

لە جێی گوڵ درکی پێ بڕوێنن

چیتر ڕێگە نادەم بەخوا

پیرۆزی تۆ لەدەست بڕوا

٤

که وتم عاشقتم

به گاڵتەوە پێکەنی

نەیدەزانی

تاراو دەکا بەڕوحماو

غەریب تر لەنەی

ئاوازێکم پێ دەژەنی

٥

شەرم دەکەم

لەچاوی تۆ

لەچاوی خۆم

هۆکچە گەریلای عەفرینەکەم

چیتر ناوێرم سەیری ئاو

سە یری ئاوێنە بکەم

دەزانم تۆ ئادەمی نی

هۆ تەوارە دڵگینەکەم

تۆکە سینگت مەتەرێزی شەرەف بێ

ئیتر چی لە سە رکردە ی مشە خۆرو

چی لەپاڵەوانی ژن کوژ بکەم

نیشتمانی من تۆی

ئەی پاکیزەتر لەمەریەم و

هۆدایکی هەزاران عیسای بێ سەرو شوێن

هەرتۆی داعش بەزێن تورک تۆقێن

٦

کەویستی تۆ

ئازاردانی ڕۆحم بێ

چ باکم بێ

خۆمن لەفەلەکی تۆدا مەدارێکم

چۆن دەتوانی غافڵم کەی

٧

کەنەتوانی

لەیادم کەی

بۆفێڵ لەمن

لەچاوەکانی خۆشت دەکەی

هەموشتێک کۆتایی دێ

جگەلەتۆ بێشک لەمن

کەمن ئەستێرەیەکی وێڵ بم

چ خەیاڵێک خۆشترە لەوەی

لەجوگرافیاو مەداری تۆ

جوولەیەک بم

بابیهەژێنم تەخت و تاراجی تۆ

٨

بۆیەک چرکە ئارەزوو
هەموشتێک بۆگەن بوو
ئیلاهی گەر چرووک با
چی دەبوو
ئاخرچۆن دەبێ
لەگوڵدانی عەشق
مەرگ بڕوێ
ئاخرچۆن
گومان لەبوونی عەشق نەکرێ
لەنێوانی فریودان و ئارەزوو
هەزارویەک خەیاڵ
لەنێوان عەشق و کەمال
چی دروست بوو
بێگومانم
ویستی تۆبوو
ئەی پادشای عەشق
ئەی کەمالی جوانی
پێم ببەخشە ئەستێرەیەک
پڕتر لە عەشق
بۆسەرگەردانی

با بە تەنها نێرە وزەی عەشق بم
دورترلەچاوی عیفریتەکان
لە پەیام هێن و پەیام بەرەکان
دورتر لەشەیتان و دورتر لەفریشتەکان
با بە تەنها پەراگەندەی حەزی ئەوبم
مەستر لە خەیاڵی خۆم
دورتر لە تەونی تۆ
هەر بە تەنها
خەریکی گرێچنی
ویستەکانی ئەوبم

٩

یار

لەئادەم تەنیاترم

فریام کەوە

لە نیوان رۆحی زامداری خۆم و

ستاتیکای خەیاڵی تۆدا

جەستەیەکی چەندە بێ نازو

ساردوو سڕم

فریوم دەی

یا لەویستی خۆت ونم کەی

چ باکم بێ

گەرمەرگیش بێ

با ئەبەدی بێ

نەک لە تەنهایی بمرم

# باران

١

ئەم بارانە
تێنویتی ڕوحم ناشکێنێ
درەختەکانیش کۆچیان کرد
ئیتر تەنهایی ماڵی منە
مەلەکانیش پەڕاگەندەن
سەڕاب زۆری فریوداون
ئاسمان بۆنسۆی هەناسەمی گرتوە
ئەوەی دەیبینم
گوڵی ژاکاو
چۆمی جێماو
فوارەی خوێنی
دڵی هەنجن هەنجنکراو
کەناڵی دەنگ و ڕەنگی
پڕپڕ لەژاوە ژاو

٢

نە پایز

ڕومەتی زەردی خۆیم بۆ والآ دەکا

نە نمە بارانێ

ئاوێزانی گیانم دەبێ

عەشق تێنوە بەخوێنی من

تادوا تنۆکی بالآ دەکا

گومان دەبەم لەبونم

خەیاڵ خۆشتر لەژین

چ زەمەنێکە

هەزار خۆزگە بەخەوێکی شیرین

کە مناڵ بوم

ژیان چەندە جوان بوو

گەنجێتیم چ حەزێکی لاساربو

کەچی ئێستا

تەمەن خەرەندێکە تاریک تاریک

دەوەرە

نمە بارانی نوێ بوونەوە

بەهارێکی نوێ

لەڕۆحی تێک شکاوم بژیێنەوە

جوگرافیای جەستەم

خەریکە دەبێتە لمستان

کوێستانی ناخم لە دووریت
چ گەرمەسێرێکە بێ ئامان
ئەی هێمای ژیان
باران باران
ئاشت بەرەوە

٣

ئەم ئێوارەیە باران

منی شەرمەزارکرد

ئێستا زانیم

نەمن لەجنسی بەنی بەشەرو

نەباران سەمای ئاشقانە دەکا

هەموو شتێک هەرخەیاڵ بوو

مرۆڤ بوون بۆمن

چ ئافاتێکی مەرگەسات و

چ دوالیزمێکی پڕ لەگریان بوو

دەزانن

باران هەمو ئێوارەیەک

بەدڵۆپێک ڕۆندک

سیحرلەچاوەکانم دەکاو

لەوەتەی هەم

بە تامەزرۆی خەوێک

عەجەب زیندانە بۆمن

لە ئارامیدا بنوم شەوێک

٤

ئێوارەیەو

وەک چۆن نمەی بارانێ

دەخزێ بەسەرگردو

بە ناودۆڵی سروشتا

گەرەکمە

تنۆکێ بم لەم بارانەو

شۆڕببمەوە

بەناو ڕەزو باغی سینەتا

ئیوارەیەو

باڵندەیەکی تەریوم

دەلێم گەڕێ

تا زەردەپەڕێ

هێلانەیەک چێکەم

هیلاکی

ئەم کاروانە سەختەی عەشقت

بەتامی گێلاس و

بۆنی بەی و

سێوی سوورت

لەجەستەما دەرکەم

گەرلێم گەڕێی

تابەیانی

ئاوێزانت بم
دەبمە ڕۆحێکی سەرکێش و
ئیتر مەرگ زەفەرم پێ نابا

٥

باران

لە پێدەشتی غەریبیمدا هەڵوەریٚ
تۆنازانی گوڵستانی عومرم
چ باغێکی بیٚ بەرە
ویستم مرۆڤ بم
نەمزانی ژیان
ئازاری سەرە
پێم ناڵێن دونیا چیە؟!
مەگەر بیٚ ئاگایی سەرە
کە بێسەرمام نەبی سەرسام
عاقیبەت لەسەر سەر مام
سەرم سەرسام و بیٚ خەبەرە

٦

ئیلاهی

بەندەیەک بێزارە لەبارانی فرمێسک و

بەندەیەک دوعای بارانی ڕەحمەت دەکا

بەندەیەک تامەزرۆی تەراتی

لێوی موحیبەت و

بەندەیەک لەترسی لافاو رادەکا

بەندەیەک وێلە بەدوای ئاوی بەقا

بەندەیەک بۆشەرەف پارێزی

خوێنی تکا

بەندەیەک نزای بەرەکەتی شەهوەت و

بەندەیەک نزای تۆفانێکی بێ نوح دەکا

# تنۆکێک لەفرمێسکەکانم

_١_

ئەم چرایە خامۆشکە
با کەس فرمێسکەکانم نەبینێ
دەترسم لە کپ بوونیان
نەبا تۆفانێکی تر هەڵکا
نوحێکیی ترلەکوێ بێنیم
بەم ساتە ناوەختە
دەڵێن تەنیایی بۆ خودا باشە
ئەم غوربەتەی من کەی دەبڕێتەوە
پێکێکی تر بێنە لەم بادە
من لەتەنیایی تەنیاترم
هاوخەمم تەنیا چاوەکانمە
ئەشک بارانم دەکات
هاوڕێ
تۆدەزانی هەموو شەوێ
بەفرمێسکەکانم
گوڵی رۆحم
ئاو پرژێن دەکەم
نەبا تۆزو غوباری
ئەم ڕۆژگارە بیژاکێنێ

تۆدەزانی کانی فرمێسکم
بادەی ئاشقانەو هەموو شەوی
لەگریانی خۆم مەست ئەبم
لێم گەڕێن بامەست بم
ئەم کەونە بەخەم فوو دراوە
لەوەتەی من و مرۆڤایەتی هەین
لە نائومێدی گوزەر دەکەین
ئەم ئەستێرەیە چەندەگوناح کارکراوە
بارگاویە بەتاوان
ڕۆح بێزارەلێی
لەیەک ساتا هەزاران پەپولەی ڕۆح باڵەفڕێ دەکات
ئەم کەونە چەندە گوناحە
بارگاوی کراوە بەمەرگ
ئاخر باخچەیەک نەماوە
گوڵی نەوەرێ
ساباتێکی مرۆف نیە
ئاشنای مەرگ نەبێ
سیلەی چاوێک نیە
بەبێ ترس و خورپەی دڵ
شەوێک بنوێ
خەونێک نیە

بەبێ کابوس ڕابورێ

دەلێم گەڕێ هاورێ

دەلێم گەرێ

گەرووم تاسەی قوڵپی گریانێکەو

فرمێسکەکانم پەیام هێنە

پەیامی گوڵی وەریو

پەیامی باڵی ناسکی پەپوولەو

پەیامی هەنسکی دڵسووتاو

چ زەمەنێکە تێی کەوتووین

دەڵێی پووشی بەربایین

ئامانی نیە ئەم ڕەشەبای مەرگە

هەرگەردیلەیەکی

ئەتۆمێکی ترە بۆمەرگی ئێمە

چەندە خۆش دەبوو

لەمەرگ هەموو لەحزەیەک

قاقا

لە ئیمەش نزای پارانەوە

بۆ دیدەنی مەرگ بووایە

مەرگ تارماییەکی چەندە دزێوە

کەنەتوانێ ئاشنامان کا

بەزەمەنی دوور لە مرۆڤ بوون

ڕۆح چەندە بەستەزمانە

لەم قەدەری بوونە

زمان چەندەهەژارە
کە تێناگا مرۆڤ بوون شەرمەزارییە
ئاوەز کاڵفامە ئای لەمن ئای لەڕۆح
ئای لەمرۆڤ ئای لەقەدەر

٢

ئاوی چاوم
گەر تنۆکێک بێ
سێ بەشی زەوی دێنێتەهەژان
زەمەن حەقە شایەدیم بۆبدا
ئەم کەونە لەفرمێسکی من دروستکراوە
شایەدی ئەوهەموومەرگە
ئازاری ئەوهەموو ڕوح کێشانە
مەرگی گوڵی سێبەرو
دێری شیعری نەبیستراو
گڕی سۆزی دڵشکاو
مەرگی ئایەتی لەگۆڕنراو
چرنوکی خەونی شەوی لەژیان دابڕاو
زریکەی منداڵی لەبێشکە ترساو
بێچارەیی هەژارێکی گەڕاو
بەدوای تیکە نانێکی سوتاو
خەمی گەلێکی برسی
تێنو بۆ ئازادی و سەربەستی
ئای کات چەندە بێویژدانە
تەنها هێزی بارانم هەیە
هەرتنۆکێ لەفرمێسکی من
خەمی چرکە ساتێکی زیندەگی

مرۆڤی ئەم بوونەی پێ یە
ئای چەندەبێ بەختم
بەدیار مەرگی هەڕاجکراوی
ئازاری قەتیسماوی
بارانی ڕۆحی
هەموو ئەوگوڵانەی
بەشێکن لەمووی جەستەم
من بونەوەرێکی غەریبم
دەزانم لەم مەملەکەتەی ناوی ژیانە
بێ شوێن و جێم
ئای لەوماڵەی لەفرمێسکەکانم دروستمکرد
تەنها بە من نامۆیە
ئێوە لە نامۆیی تێناگەن
بۆیە من نامۆم
ئیلاهی حیکایەتی من زۆر
زۆر درێژتر بوو لەخەیاڵی
شەیاتین و
تیشکی نەپچڕاوی خۆرو
بیرکردنەوەی مرۆڤ لەتۆ
ئەم کەونە بەمن نامۆیە
یان پێویستی بەهەزاران
حیکایەتخوانی ترە

وای مەرگ چەندە داماوە

من چەندە گوناحم

نە زەفەر بە یەک دەبەین

نەئاشنای یەک دەبین

ئیلاهی من تەنها حەبەیەک بوم لەفرمێسک

ئەم هەموو کانی شەهوەت و

ئارەقەی نێوچەوان و

ئۆقیانوسی بێ سنوورو

چۆن لەمن ئیجاد بوو

من لەحەلاج گوناحترم

هەموو ساتێ دەبمە هەڵم و

کەچی تێکەڵ بە وجودی خۆم دەبمەوە

ئیلاهی کەی دێ

من لەکۆڵی خۆم ببمەوە

٣

لێگەڕێ لەتنوکی فرمێسکەکانم
باناڵەی بێداریم بژەنێ
باسرتەی شەوی
گوڵی ڕواوی ژوانمان
گوێچکەی ئەم کەونە بدڕێ
ئەم گوڵستانە
ڕازیە لەبێ بولبولی
ئێمە بۆ بەرگری لەئەشق بکەین
کەلەم گۆڕستانە
تەنها بایەقوش
کوا ترپەی دڵێک نابیستم
جگەلەخەیاڵ
هەموو شتێک یاساغە
لێگەڕێن کەمن
تەنها پەیامی
دوا دیدار لەهێمنی و
دوا سرتە لەعەشقم
بەسوتانی خۆم ئوقرە بێ
چۆن دەتوانن
بەگوڵاوی دەستکرد
سووتانی من گوڵاو پرژێن کەن

ئێرە مەملەکەتی غەریبانە
دەریای تنۆکی فرمێسکی ئاشقانە
گوڵزاری ئەشق
جگەلە بونی ژیان
کوا فەراحەتێک
کە ناتوانن تێکەڵ بەمەرگی ئەبەدیم کەن
لێرەوە بانگەشەی ژیان دەکەم
تائەبەد وێڵی مەرگم کەچی
هەرپێی ناگەم

ـ ٤ ـ

ئەم خەمە لە مێژینە
ڤایرۆسی مەرگ بێ
یائازاری پاکبونەوەی روح
باکم نیە
چی لەپەڕەی ڕەشی مرۆڤ بوون بکەم
تازەبەمن سپی نابێتەوە
مەگەر تەنها من مرۆڤم
بابەپێکی عەشق سەرخۆش بم
لێناگەڕێن تاوێک
شیعر بۆ غەریبی بچرم
دەڵێی مرۆڤایەتی خۆی لەمن حەشارداوە
کەمن پرژی تاقەدارێک بم
کوا سێبەری حەسانەوەی
ئەوهەموو ئاسکە سرکەی
خەون و حەزی ژیان دۆستی
لەمندا تاوێ
ئارام دەگرێ
چریکەی باڵندەیەک بابولبول نەبێ
با کوندەپەپۆی تامەزرۆی چۆلی بێ
کەمن بێ سێبەرو
دارێکی ڕووت و قووت بم

ژیان بۆ لە من چڕببێتەوە
کەلەمن ناگەن
بۆتامی فرمێسکەکانم ناکەن
ئای لەمن
ئای لەیاسای ئەوکەونە

٥

چیتر بەرگەی

حیکایەتی ئەم فرمێسکانە ناگرم

لێگەڕێن بامنیش

ببمە حیکایەتێکی کۆن و

لەناوتنۆکی فرمێسکا بمرم

نزای ئەم هەمو ئەستێرەیە

بۆ لە مندا حەشاربدرێ

جەستەم شەکەت

شوێن پەنجەیەک نەماوە

بەتاوان دانەپۆشرابی

بیردۆزەکان ژیان لەناودەبەن

حەقیقەتەکان

کۆیلەی تاوان

داهێنانەکان تاوانبارتر

چاوەکان فێڵاوی تر لەئاوەز

دورگەکانی خەیاڵ چەندە تاریک

مرۆڤ بون پەشیمانی

جەستەم

شوێنی ئەوهەموو ئەستێرەیە نابێتەوە

میلی ئەو هەموو کاتژمێرە تەوقیتکراوە چی لێبکەم

لەنێوان مەغریب و مەشریقی جەستەم

شەیتان گومان لەبوونی خۆی دەکا
ئینس و جن لەکانیاوێکی جەستەم ملە قوتێیانە
هەرخانەیەکم ئەستێرەیەکەو
کەچی ڕەشترم لەتاریکی
ئەوهەموو شەمسە دێن و دەچن
سەرگەردانتر لەچاوەڕوانی
چاوەکان
وێڵن بۆ لە حزەیەک ئارامی
ئەو هەموو خەونە بچکۆلانەیە
کە لە خانەیەکی جەستەم تێپەڕنابێ
بۆ لەباربچێ
من تێناگەم
لەیاسای ئەم جەستەساردو سڕەی خۆم
من هێلانەی خەون و تێکۆشانم
کاروان سەرای
هەزاران پەیامبەرو پەیامهێنم
تووکی نزای سەدانیان
بەئاسمانی جەستەما هەڵواسراون
بونەوەری نامۆ دێن و دەچن
سەدان پەرتوکی نەخوێندراوەم بینی
لەگۆشەیەکی جەستەما
پەڕەکانی زەرد دەبوون و هەڵدەوەرین
ئەوهەموو ئەستێرە ڕووشاوە

ئەوهەموو نەیزەکە سەرلێشێواوە
لەچاو تروکانێکا
وەک مەلێکی پەڕاگەندە
کەس نازانێ بۆ لە تاریکایی جەستەمدا ون دەبن
لەباڵەخانەی جەستەم
بەم هەموو شەمع و میسباحەوە
بەم هەموو کانیە سازگارو
ئەلوانی گول و گوڵزارەوە
بونەوەری بەیەک نامۆ
ئاوی سپی ، سوور ، شین ، ڕەش
تارمایی نەبینراو
دەنگی نەبیستراو
سەرم سوڕماوە سەرم سوڕماو
ئەم هەموو مرواری ڕۆحە
لەم زەریای خەیاڵە چی دەکەن
ئەم هەموو نهێنیە شاراوە
چۆن پارێزگاری دەکرێ
تەرمی ئەم هەموو بوونەوەرە خەیاڵیە
جەستەمیان بۆگەنکرد
خەریکە فریشتەکان
نەفرەت لەبینینم دەکەن
ئیتر پاک نابمەوە بەگڕی دۆزەخ
دۆزەخ نەفرەتم لێدەکا

کات لێم بێزارە
لەدەریایەکی هارو هاج دەچم لەبۆشایی
کەنارێک نیە شەپۆلەکانم ئارامکاتەوە
ڕوحێک نیە سوکناییم پێ ببەخشێ

## بۆفەرهەنگی کۆیە ( جەوادحمدبگ)

تۆهەرتەنهافەرهەنگ نەبوی
لەباوەڕیشدا ڕێچکە بوی
لەئەقڵدا هەزار ڕەنگ بوی
لەخۆرێشدا تۆپرشنگ بوی
لەگزنگدا سپێدەیەکی بەفرین بوی
بۆئەم شارە دەروێشێکی
چەندە بەزیکرو تەهلیلەبوی
هەموئێوارەیەک بۆی دەبوی بەمانگ و
لەشەوی نوتەکیشداتۆتیشکێکی زیوین بوی
لەئاگردانی حاجی پشکۆیەکی نەکوژاوەبوی
لەهونەردا ڕوکنێکی دیوەخانەکەی ئەختەربوی
بۆکوردایەتی دڵدارێکی چەندپڕلەورەبوی
لەبەهرەدابەحەق فەرهەنگی ئەم شارەبوی
ژیاندۆست ومرۆڤدۆست وئاشتی خوازبوی
هاوڕێی پیروگەنج و منداڵ بوی
لەگفتوگۆدا قوتابیەکی شەرمن و
لەزانستدا هەرخۆت مامۆستابوی
مێژونوس و شانۆکاربوی
چیرۆک نوس و لێکۆڵیاربوی
قەڵەمێکی چەندە بەئەدەب بوی
بۆخزمەتی ئەمشارە وەستابوی

عاشقێکی چەندە ناسک بوی
بەدێڕە شیعرێک مەست دەبوی
پشت و پەنای قەڵەمی گەنج بوی
ئەبەد درێخیت نەکرد ماندونەبوی
لەهێمنی گوڵستانێکی خەیاڵ بوی
بۆتەبایی هەرتۆهێمابوی هەرتۆهێمابوی
لەڕابردوو ئێستاش ژیابوی
لەحەق گۆیی سەرفرازبوی
لەناوخێزانەکەت وەک چرابوی
نەک هەرباوک هاوڕێ و مامۆستابوی
لەبیروڕادا ئەقڵێکی ئازاد بوی
تائەوپەڕی ڕاست و چەپ شارەزابوی
زۆربێ فیزو تەکەبور بوی
هاوڕێی هەژارو لێقەوماوبوی
کرێکارێکی چەندە سەر ڕاست و
مامۆستایەکی چەندە بەهرەمەند بوی
بۆبێ نەوایان ناڵەیەکی پڕپڕلەهاوارو
بۆهاوڕێیان برایەکی بەوەفابوی
ئەی مامۆستام بەخۆم و قەڵەمێکی کول و
هۆنراوەیەکی تەواونەکراوم
شەرمەزارلەحزورت وەستاوم
لەدوای کۆچت قەدەری من و ئەمشارە
وەک دابڕانی دڵ و دڵدارە

((شاعیر لە چەند دێڕێك))



- ساڵی ١٩٧٤ لەکۆیە گەڕەکی گردی لەدایک بووە.
- خوێندنی سەرتایی لە ئیلنجاغ ،کۆیە،هەولێر،گوندی ئاشۆکان تەواوکردوە.
- خوێندنی ناوەندی و ئامادەییی لەهەولێر تەواوکردووە.
- قۆناغی یەکەمی پەیمانگای تەکنیکی هەولێری تەواوکردوە.
- ساڵی ٢٠١٨ کۆلیژی پەروەردەی - بەشی کۆمەڵایەتی تەواوکردووە.
- ساڵی ٢٠٠١ بۆتە ئەندام لەبنکەی ڕووناکبیری گەلاوێژ لقی کۆیە.
- ساڵی ٢٠١٢ بە لێپرسراوی لقی کۆیە بنکەی ڕووناکبیری گەلاوێژ هەڵبژێردراوە.
- یەکەم چیرۆکی لە ساڵی ١٩٩٩ لە ڕۆژنامەی هامون بڵاوکراوەتەوە.
- ساڵی ٢٠٠١ خەڵاتی یەکەمی چیرۆکی لە ڤیستیڤاڵی سیدبرایم بەدەست هێناوە.
- ساڵی ٢٠١١ خەڵاتی سێ یەمی لێکۆڵینەوەی لەڤیستیڤاڵی ساڵانەی گەلاوێژ لەسلێمانی بەدەست هێناوە.